### یاریدەدەری تایبەتی نوێنەری هەرێم لە ئەمریکا بۆ لێدوان

# هیلاری کلینتۆن پەیمانی داوە ئەگەر لە هەڵبژاردندا سەرکەون، بەشێك لە هێزەکانیان لە هەرێمی کوردستاندا جێگیر دەکەن لە پێناو پارێزگاریکردنی کورد و هەرێمەکەی



ئا: سدیق عەلی

بۆقسەکردن لەسەر پەیوەندیەکانی کوردو ئەمریکاو رای دەسەڵاتو شەقامی ئەو وڵاتە بەرامبەر دۆزی کورد، لێدوان پەیوەندی کرد بە هێرش عەبدورەحمان یاریدەدەری تایبەتی نوێنەری هەرێم لە ئەمریکاو چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد، ئەویش بەو شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوەو باسی لەچەندین زانیاری گرنگو پڕ بایەخ کرد:

پرسیار: ئایا بوونی نوێنەری حکومەتی کورد چ کاریگەریەکی هەبووە بۆ راکیشانی سەرنجی ئەمریکا بۆ کێشەی کورد؟

وەڵام: بوونی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە ئەمریکا لەبنەڕەتدا بۆ گەیاندنی داخوازیەکانی کوردو برەودانە بە چڕکردنەوەو فراوانکردنی پەیوەندیەکانی کورد بە دەسەڵاتدارانی ئەمریکاو دامو دەزگاکانی ئەم وڵاتە، هەروەك کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ئەمریکا، هیچیشمان کەمتر نیە لە باڵیۆزخانەکانی تری وڵاتانو یەکەم جاریشە لە مێژوودا کە کورد وەك حکومەت، نوێنەرایەتی هەبێت لە وڵاتێکی بەهێزی وەك ئەمریکادا, پێشتر تەنیا نوینەرایەتی پارتەکان هەبوو، پەیوەندیەکانیشیان تا چەند ئاستێك بوو،نابێت ئەوەشمان بیر بچێت لە دوای پرۆسەی ئازادیەوە بۆ هەموو مەسەلەکان پرسو راوێژمان پێدەکەن,لە بەرامبەریشدا وەك نوێنەرایەتی بەشداری دەکەین لە هەموو کۆڕو کوبونەوەکانی ئەم وڵاتە, لەلایەن زۆربەی زانکۆو سەنتەرە ستراتیژیەکانەوە میوانداری دەکرێین بۆ قسەکردن لەسەر کوردو مێژووی کورد.

پرسیار: پەیوەندی ئێوە لەگەڵ چ ئاستێکی دەسەڵاتە؟ ئایا پەیوەندی راستەوخۆتان لەگەڵ حکومەت هەیە، یان لەگەڵ لایەنی پەیوەندیداری ترە؟

وەڵام: پەیوەندیەکانمان لە ئاستێکی بەرزو فراواندایەو تەنیا لەیەك چوارچێوەدا نیە، لەهەرەمی دەسەڵاتو لە کۆشکی سپییەوە تا کۆنگریس، وەزارەتەکان، سەنتەرە ستراتیجیەکان کەخاوەن بریارن لە کێشەکاندا، تا دەگاتە باڵیۆزخانەکانی وڵاتانو تەنانەت لەگەڵ زانکۆکانیشدا، پەیوەندیمان هەیە کە بێگومان کۆی ئەمانە سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتە پێکدەهێنن، هەریەکێك لەوانەش بەجیا خاوەنی کاریگەری خۆیەتی، ئەو لایەنانەش هەریەکەو بەجۆرێك لەجۆرەکان پەیوەندیان بە دەسەڵاتی ئەو وڵاتەوە هەیە.

پرسیار: گەلی ئەمریکا بە تایبەت ناوەندە سیاسیو رۆشنبیریو رێکخراوەکان چۆن دەڕواننە گەلی کورد؟ ئەوەندی ئێوە ئاگادار بن، کورد تا چەند توانیویەتی خۆی بە وان بناسێنێ؟

وەڵام: لەدوای راپەرینەکەی ساڵی (١٩٩١)ەوە کورد هاتۆتە ناو باسەکانی ئەم وڵاتەوە,لە رابردوودا بەمشێوەیە نەناسرابوو ئەمەش بەدینەدەکرا،بەڵام ئێستا گەلی ئەمریکا درکی بەوە کردوە کورد تەنیا نەتەوەیە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە، هەلی ئەوەیان لە دەست چوو کە سەربەخۆیی رابگەیەننو بەهەڵەی زلهێزەکانی ئەو سەردەمەی دادەنێنن,هەروەها گەلی ئەمریکا لە دوای پرۆسەی ئازادیەوە خۆشەویستی زیاتریان هەیە بۆ کورد، بەتایبەتی کاتێك لە رێگەی میدیاکانەوە دەیبیننو دەیبیستن، کە کورد هاوپەیمانیانە،لە عێراقو لە شەری دژە تیرۆردا.

پرسیار: لەسەر پەناهەندە کوردەکان ئەوانەی لە ئەمریکان هیچ ئامارێکتان هەیە، دەتوانن وەك زانیاری بیدەن بە ئێمە؟

وەڵام: پێم باشە لە رووی مێژووییەوە باسی هاتنی کورد بکەم، ژمارەی دانیشتوانی کورد لە ئەمریکا خۆی زیاتر لە ٤٠ هەزار کەس دەدات,کە پێکهاتەی هەموو پارچەکانی کوردستانو دابەش بوون بەسەر شارو ویلایەتەکانی ئەم وڵاتەدا.

سەرەتای هاتنی کوردی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٩٦٠ کە پێك هاتبوون لە کۆمەڵێك خوێندکار, دواتر لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول-ەوە ژمارەیەکی تری زۆرتر کورد هاتن بۆ ئەمریکا کە نزیکەی ٣٠٠٠ کورد دەبوون.

پرۆسەی سێ یەم لە دوای شەری کەنداوەوە بوو، کە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر بوونو لە دەوروبەری ٨٠٠٠ کەسێکدا دەبوون، پرۆسەی چوارەم دوای ئابی ساڵی ١٩٩٦ بوو، ئەو کەسانەی لە رێکخراوە ناحکوومیەکاندا کاریان دەکرد هەر هەموویان بە خێزانەکانیانەوە بەرەو ئەمریکا بەرێخرانو ژمارەیان ٧٠٠٠ کەس دەبوو، ئەم چوار پرۆسەیە ژمارەو پێگەی کوردی زیاترکرد لە ئەمریکا.

هەندێك بۆچوونی تریش هەیە کە بەدواداچوونێکی وردی بۆ نەکراوە، لە دوای رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە شەپۆلێکی گەورەی کوردی تورکیا لەگەڵ ئەرمەنیەکان روویان لە ئەمریکا کرد، کە پێدەچێت دەوروبەری ٢٠ هەزار یان زیاتر بوبێتن، بەڵام ئەمانە زۆر زوو لە ناو کلتوری ئەمریکادا بەرەو لە ناوچوون چوونو تاکو ئێستاش لە ولایەتەکانی باکوری ئەمریکا کۆمەڵە بنەماڵەیەك هەن، کە ناویان ئەمریکی یە بەڵام ناسناوەکانیان کوردیە، ئێستا بەدواداچونێکم کردووە کە هێشتا تەواو نەبووە لەسەر سەرەتای هاتنی کورد، دەمەوێت بزانم کورد بەچ شێوازێك رووی کردۆتە ئەمریکا، شتێکی تر کە دەمەوێت باسی بکەم،ئەوەیە دەسەڵاتی کوردی نەهێڵێت ئەم ژمارەیە بەرەو لەناوچوون بچێت، بەڵام بەداخەوە ئەم کوردانە تا پێش یەکگرتنەوەی ئیدارەی کوردی، هیچیان بۆ نەکراوەو پشت گوێ خراون,ئەم پشت گوێ خستنەش کاردانەوەیەکی یەکجار خراپی دەبێت بۆ دوا رۆژی گەلەکەمانو دواجاریش دەسەڵاتی کوردی تێیدا زەرەرمەند دەبێت، گرنگیدانو بایەخدان بە کۆمەڵگا کوردیەکانی ئەمریکا لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە زۆر گرنگە,چونکە زۆربەی نەتەوەکانی تری وەك جولەکەو ئەرمەن کە نمونەی ئەو نەتەوانەن کە لە ئەمریکا دەژین، توانیویانە لە رێگای کۆمەڵگاکانی خۆیانەوە شەر بۆ مافەکانیان بکەنو دۆزو ناسنامەو کلتوری خۆیان بە هاوڵاتیانی ئەم وڵاتە ئاشنا بکەن.

پرسیار: ئەمساڵ هەڵبژاردن لە ئەمریکا دەکرێت، ئایا رای دیموکراتەکان لەسەر کێشەی کورد چۆنە؟ ئەگەر سەربکەون پێتان وایە کارێك بۆ کورد بکەن؟

وەڵام: کۆمەڵێك لە پاڵێوراوەکان دۆستی ئێمەن,هیلاری کلینتۆن پەیمانی داوە ئەگەر سەرکەوتن بە دەست بهێنێت لە هەڵبژاردنەکاندا،تەنانەت دوای کشانەوەی هێزەکانیان لە عێراق، ئەوا بەشێکیان لە هەرێمی کوردستان جێگیر دەکات، ئەمەش لە پێناوی پارێزگاریکردنی کوردو هەرێمەکە،لەلایەکی دیکەوە سەبارەت بە هەرێمی فیدراڵی دیکە لەعێراقدا، کۆمەڵێك لە پاڵێوراوەکان رازین بە پرۆژەکەی سیناتۆر بایدنو پێیان وایە کورد مافی خۆیەتی هەرێمی فیدراڵی هەبێت، بە هەمان شێوە کۆماریەکانیش بۆچوونی باشیان هەیە لەسەر کورد،بەڵام گرنگ ئەوەیە دەبێت بزانین ئەوەی لە هەڵبژاردنەکەدا دەردەچێت، مەرج نی یە پەیمانەکانی بهێنێتە دی، نابێت کورد چاوی لە دەستی هیچ کەسێکەوە بێت تا شتێکی بۆ بکات، برواشم وایە هەریەك لە کۆماریو دیموکراتەکان ئەجێندای خۆیان هەیەو ئیش بۆ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا دەکەن.

پرسیار: رای شەقامی ئەمریکا لەسەر هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر کوردستان چۆنە؟

وەڵام: بە گشتی دژی هێرشەکانی تورکیا بوون,پێیان وایە لە کاتێکی خراپدا کراوە، دۆستەکانمان تورەن لە دەسەڵاتی ئەمریکا,بروایان وایە کە تورکیا بێ پرسی ئەمریکا ئەم هێرشەی نەکردووە,هەوڵێکی زۆریش دەدرێت کە تورکیا بەردەوام نەبێت لەم هێرشانە، لە رێگای رێکخراوەکانو سەنتەرە ستراتیجی و زانکۆکانیشەوە هەوڵی پرۆتیست کردنی دەدەین، وابزانم تێشیدا سەرکەوتو بووین.

ماوەتەوە ئەمە بڵێین کە هێرش عبدالرحمان ناوی تەواوی هێرش

**”ژمارەی دانیشتوانی کورد لە ئەمریکا خۆی زیاتر لە چل هەزار کەس دەدات“**

عبدالرحمان حاجی حەسەن ژاراوەییەو یاریدەری تایبەتی نوێنەری هەرێمە لە واشنتۆن، لە ساڵی ١٩٨٠ لە ژاراوە لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە ژاراوەو هەولێر تەواوکردوە، ناوەندیو زانکۆ لە ئەمریکا، لە ساڵی ٢٠٠٤ وەکو یاریدەری نوێنەری پەیوەندیەکانی ی ن ك دەست بەکاربووە، تا ساڵی ٢٠٠٦ لەوکاتیشەوە تا ئێستا یاریدەری تایبەتی نوێنەری حکومەتی هەرێمە لە واشنتۆن.



خالید قادر

## لە پێناو باشتر یادکردنەوەی را پەڕینی ٣/٥ دا

لە ناو هەموو میللەتو نەتەوەیەکی دنیادا، گەلێ رۆژی پڕ سەروەری هەن، کەبەجۆش و خرۆشێکی جەماوەری یاد دەکرێنەوەو گرنگیو بەهایەکی زۆریان پێدەدرێت، بەتایبەت ئەو رۆژانەی کەپەیوەندیان بە سەروەری نەتەوەییو گیانی شۆڕشگێڕی ئەو میللەتانەوە هەیە، بەڵام بەداخەوە لای ئێمەی کورد هێشتاکە مانایەکمان نیە بۆ گەورەییو یادکردنەوەی ئەو رۆژانە, جا ئەمە هەر لەو زامە بەسوێیانە بێت کەکارەساتو رووداوی خەماویان تێدا روویدابێت, بۆ ئەو رۆژانەی کە دەسکەوتو سەروەریەکی گەورەی تێدا بە دەست هاتبێت. لێرەوە مەبەستمە قسە لە رۆژی ٣/٥ بکەم کە ئەمسالیش هێدی هێدی نزیك دەبینەوە لێی, ئەو رۆژە مێژووییەی کە لە شاری رانیەی دەروازەی راپەریندا یەکەمین مەشخەڵو چرای روناکی تێدا هەڵکراو دامو دەزگا دڕندەکانی بەعسی تێدا روخێنرا و دەروازەی مێژویەکی نوێ, ژیانێکی نوێ، ئاسۆیەکی نوێ، بەرووی گەلەکەماندا کرایەوە, ئەو رۆژە مێژوویەی کە دەبوو چەند مانگ پێش هاتنی، لە تەواوی کوردستان ئامادەکاری بۆ کرابایەو لە لایەن پەرلەمانو حکومەتەوە دەیان پڕۆژەی گەورەی خزمەتگوزاری راگەیانراباو چەندان چالاکی گەورەو فیستیڤاڵی شایەستەی بۆ رێکخرابا, رۆژێك کە لە مێژووی نەتەوەیەکدا هاوشێوەی نیە, کەچی بەداخەوە، دوای حەڤدە ساڵ لەو یادە، هێشتاکە نەتوانراوە ٣/٥ وەك ئەو رۆژە گرنگە یادی بکرێتەوەو رێزی لێبگیرێت، بە پێچەوانەوە گەلێك جار بە ناراستەوخۆیی لە بەهای ئەو رۆژە کەم کراوەتەوە. بۆیە بە پێویستی دەزانم بۆ ئەمساڵ گرنگیەکی زیاتر بەو رۆژە بدرێتو لە ئێستاوە بەرنامەو پلانی بۆ رێبکخرێت، دەکرێت لە هەموو بوارەکاندا زەمینە سازی بۆ بکرێت. با پەرلەمانی کوردستان لەو رۆژەدا دانیشتنێکی خۆی لە شاری رانیەدا ساز بداو لەسەر نارەزاییەکانی خەڵكو گەندەڵی و بێ پلانی قسە بکات, لەسەر بێکارەباییو بێ کاریو کێشەو گرفتەکانی گەنجانو کوشتنی ژنانو بەهەدەرچوونی پارەو دارایی خەڵك، تەوەر بکاتەوە با یادی راپەرین زەنگێك بێت بۆ بەخۆداچونەوەو خزمەتکردنی ئەو میللەتەی کە کۆڵێك گلەییو نارەزایی زۆری بەرامبەرتان هەیە. دەکرێت یادی ٣/٥ بکرێتە هەوێنێك بۆ ئایندەیەکی گەشو دووبارە رێکخستنەوەی کارەکان, لەسەروی هەمووشیان ئاور دانەوە لەو سەربازە ونانەی ئەو رۆژەیان دروست کرد, وا باشترە لە ئێستاوە لەکەناڵەکانی راگەیاندن کاربکرێت، بۆئەوەی رۆژی پێنجی سێ رۆژی هەموو شارەکانی کوردستان بێتو فیستیڤاڵێکی گەورەی بۆ ساز بدرێت، کە هەم لە بواری لێکۆڵینەوە و پاراستنی یادەوەریەکانی راپەرین کاری تێدا بکرێت، هەمیش لە بواری هونەری و رۆشنبیریو وەرزشیو دەیان چالاکی گەورەی بۆ ئەنجام بدرێت، لە سەروی هەمووشیانەوە رانیە ببێتە دەروازەیەکی گرنگ، بۆ راگەیاندنی دەیان پڕۆژەی خزمەتگوزاریو لا لی کردنەوەی خەڵك

# رۆژنامەنوسان دەیانەوێت گەمارۆی سەر قەندیل بشکێنن



رۆژی هەینی، بەرواری ١/١٨/ ٢٠٠٨، کۆمەڵێك رۆژنامەنوس کە لەشاروشارۆچکەکانی کوردستانەوە هاتبوون، چالاکیەکی جەماوەریان رێکخست بۆ شکاندنی گەمارۆی سەر قەندیل و چونی رۆژنامەنوسان بۆ بناری قەندیل، کە بەپێی بریارێکی سەرۆکایەتی هەرێم رۆژنامەنوسان ناتوانن سەردانی ئەو ناوچانە بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش لە بەرەبەیانی هەمان رۆژدا، دەیان رۆژنامەنوس لەباخچەی گشتیی رانیە کۆبوونەوە، دواتر بەرەو سەنگەسەر بەرێکەوتن.

، پێش گەیشتنیان بە دەربازگەی دەربەند رێژەیەکی زۆر لەپۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکان وەستابوون، هەر لەوێش بەرێوەبەری گشتی ئاسایشی راپەرین وتی: ناتوانن بەرەو ناوچەکانی قەندیل بچن. چونکە ئەمە بریارێکی سیاسی یە. دواتر رۆژناموسان داوایان کرد کە بۆ سەنگەسەرو بەسەرکردنەوەی ماڵە ئاوارەکان رێگایان پێ بدەن ، بۆ ئەمەش دەروازەیان بۆ کرایەوەو بەرەو ئەو ناوچەیە بەرێکەوتن. بەڵام سەیارەکانیان نەوەستان وبەرەو ناوچەکانی قەندیل سەرکەوتن. لەدوا بازگەدا وێرای هەبونی پۆلیسێکی زۆری چالاکیە مەدەنیەکان وبەرێوەبەری ئاسایشو قائمقامی قەڵادزێ گفتوگۆیەك لەنێوان رۆژنامەنوسانو بەرپرسان ئەنجامدرا کە تێیدا قائمقامی قەڵادزێ گلەیی ئەوەی لەرۆژنامەنوسان کرد کە بۆچی لە کاتی تۆپبارانکردنی ناوچەکاندا نەهاتن، چونکە رێگا لەکەس نەگیراوەو چەندین کەنالیش هەواڵەکانی ئەو ناوچەیان بڵاوکردۆتەوە، بەڵام ئێستا ناکرێت سەردانی ئەو ناوچانە بکرێت. رۆژنامەنوسەکانیش جەختیان کردەوە لەسەرئازادی راگەیاندنو چونیان بۆ ئەوناوچانە بەڵام سەرەنجام چالاکیەکە بەگەرانەوەی رۆژنامەنوسان کۆتایی پێهات لە دوا لێدوانیش بۆ رۆژنامەکەمان یەکێك لە ئامادەکارەکانی ئەو چالاکیە ووتی : ئێمە لە هەوڵەکانی خۆمان بەردەوام دەبین

# رێکخراوێکی ئەمریکی سەردانی رانیە دەکات

٧

رێکخراوی تیمی بنیاتنەری ئاشتی مەسیحی لەماوەی رابردودا دووجار لە رێکەوتی ٣/١و ١٠/١/٢٠٠٨ سەردانی شاری رانیەیان کرد، تێیدا وێرای سەردانی هەردوو قائیمقامی رانیەو قەڵادزێو بەرێوەبەری ناحیەی سەنگەسەر، سەردانی سەنتەری چالاکی گەنجانی رانیەیان کردو بەشەکانیان بەسەر کردەوە، مەبەستی سەرەکی ئەم رێکخراوە سەردانی ماڵە ئاوارەکانی بناری قەندیل بوو، کە بەهۆی هێرشو بۆمب بارانی فڕۆکەکانی تورکیا بۆ سەر گوندەکانی بناری قەندیل ئاوارە بوون. بۆ دەرخستنی ئازارو کێشەکانی خەڵکی سڤیلی ئەو ناوچانەو گەیاندنی بە میدیاو خەڵکی ئەمریکاو رای گشتی هەروەها بەشداری کردنیان لە دروستکردنی دڵنیایی بۆ گەرانەوەی ماڵە ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان.

